# داواکاری هاوبەشی (چاک و کومیتەی پشتگیری پەنابەرانی ئەلتاش)

ئەو کوردانەی لە کەمپی زورەملێی ئەلتاش گیریان خۆاردوە
دیوی هەرە زەق و دیاری چارەنوسی پڕ لە نەهامەتی نەتەوەیەکی بن دەست و بێ دەسەڵاتن.
ئەو خەڵکە هەژار و لێقەوماوە پێویستیان بە یارمەتی و پشتگیری و دەس گرتنی ئێوە هەیە .

بۆ:

- جەماوەری کوردستان
- هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان
- پارت و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان
- رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

دانیشتوانی کەمپی ئەلتاش دوا ئاسەواری درندەیی دەسەڵاتی حیزبی بەعسن کە ئێستا نە کەس ئاوڕیان لێ ئەداتەوە و نە دەنگیان بە کەس دەگات و نە هیچ هێز و لایەنێک هاوکاریان ئەکەن .

سەرباری ئەم هەموو دەردو مەینەتیانەش پاشاگەردانی لە عێراق دا دەرەتانی کار و چالاکی پەیداکردنی ژیانی لێ بڕیون و رۆژانە ئەکەونە بەر پەلامار و هێرشی عەرەبە شۆفینییەکان و کەرامەتی مروڤانەیان پێشێل ئەکرێت .
لە سەر ئێمەی کورد لە ناوخۆو هەندەران بەرپرسیارییەتییەکی نەتەوەیی و ئێخلاقییە بۆ پشتیوانی کردن و یارمەتی دانی ئەم خەڵکە بێ چارە نوسە تێبکۆشین و ببینە دەنگی ئەوان بە گوێی پارێزەرانی مافی مروڤ و کۆمەڵگا مەدنیەکان بزرنگێنینەوە و رزگارییان بکەین لەو مەینەتییە .

لەم رێگەیەوە داواکارین لە سەرجەم جەماوەری گەلی کورد بە بیرو و باوەڕی جیاوازەوە ... لە دەور یەک کۆبینەوە بە ئەنجامدانی نارەزایەتی جۆراوجۆر ئەم دەست درێژی کردنانە بۆ سەریان شەرمەزار بکەین . حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەرییەتی بیانگەبەنێتە کوردستان و ژیانییان دابین بکات و لەو کارەسات و کەمایەتی پیکردنە رزگارییان بکات .
دانیشتوانی کەمپی ئەلتاش رۆژی خۆشیان بە خۆیانەوە نەدیوە بەڵام ئێستا چارەڕشیان گەیشتوەتە قوناغی کۆتایی و لە نیوان ژیان و مردنا پەلەقاژەیانە , بۆیە داواکارین لە جەماوەرو حکومەت و لایەنەکان زوو فریایان کەون .
بە هیوای هاوکاری و پشتگیریتان

ناوەندی چاک(ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد
کومیتەی پشتگیری لە پەنابەرانی کەمپی ئەلتاش
2005-2-8